

مەهاباد قەرەداغی

# زمانی گورگ و زمانی بازاڕ
# لەڕاگەیاندن و ڕەخنەی سیاسی کوردیدا

(زمان) ئەو بەهرە دەگمەنەیە کە سروشت بە مرۆڤی بەخشی و لە ئاژەڵ و هەموو بوونەوەرەکانی دیکە جیای کردەوە. جیاهەڵکەوتوویی مرۆڤ بەهۆی زمان و دەرک و بیرکردنەوەوە بوو، کە بەهۆیانەوە جیا لە هەموو بوونەوەرەکانی دیکەی سروشت، بوو بە خوودانی ئەم گەردوونە بە هەموو پێکهاتە و بەها و دیاردە و سامانەکانییەوە، کەواتە یەکێکە لەو سێ بەهرە سەرەکییەی کە مرۆڤ هەیەتی و، لە چاک و جوان بەکارهێنانیدا دەیکات بە خوودانی دەسەڵاتی جۆراوجۆر، لە خراپ بەکارهێنانیشدا دەشێ ببێتە مایەی کێشە و ململانێ و گرفتاری و توندوتیژی، چونکە زمان ئامرازی بیرکردنەوەیە وەک (جان پیاشێت) دەڵێت، نەک تەنها ئەوەندەش، بەڵکە هەن پێیان وایەزمان بناغەی بیرکردنەوەیە، یەک لەوانەش (لیڤ ڤیگۆتسکی)یە، بە ڕای (نوام چۆمسکی)یش، زمان ئاوێنەی ڕۆحە.

(وشە) لە شێوازی دەربڕینی باشدا، دەسەڵاتێکی سەرسامکەری هەیە. تەنها جۆری دەربڕینەکەیە بەرهەمێکی نووسەرێک دەکاتە شاکار و هی یەکێکی دی کە بەهەمان وشەگەل نووسراون دەبنە بەرهەمێکی ئاسایی. دەسەڵاتی وشە لە دەربڕیندا هێند جێی بایەخە کە زۆرێک لە فەیلەسووفان و هزرڤانان و نووسەرانی جیهان گوزارەیان لە توانا و هێزی ڕاکێشەری کردووە. دیل کارنگی دەڵێ: ((مەپەیڤە هەتا دڵنیا نەبی شتێکت بۆ گوتن پێیە)). شکسپیر پێی وایە: ((دەربڕینی پاراو موعجیزە دەکات)). ڕۆسۆ پێشنیار دەکات: ((پێش دەربڕین قسەکە هەڵسەنگێنە، چونکە پێش تۆو وەشاندن زەوی دەکێڵدرێت)). سوکرات لە مێژە ئەو ئامۆژگارییەی کردووە و گوتوویەتی: ((ئەگەر بێدەنگیت و خەڵک دەتهێننە قسە، چاکتر وایە هەر بێدەنگ بیت)). بە ڕای مۆنتسکیۆ، وشەی هەڵسەنگێندراو وەک ئەو تیرە وایە ناوەندی نیشان دەپێکێت، ((ئەو وشەیە کە بە بێ بیرکردنەوە دەردەپەڕێت، وەک ڕاوچییەک وایە بە بێ نیشانەگرتن تیر بتەقێنێ)). هەر دەربارەی دەربڕینی هەڵسەنگێندراو و بایەخەکەی، یاخوود مەترسی دەربڕینی هەڵنەسەنگێندراو، شیلون دەڵێ: ((بە زمانت مۆڵەت نەدەی پێش ئەندێشەت بکەوێتە ڕێ)).

دوای ئەم پێشەکییە دەربارەی زمان و پشتئەستوورکردنی پێناسەکەی بە وتەی گەورەنووسەر و فەیلەسوف و هزرڤانان، دەمەوێ لەبارەی پاشاگەردانییەک لەبەکارهێنانی زمان لە کەناڵە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنی کوردیدا و بە تایبەت کەلە دەربڕینی ڕەخنەی سیاسیدا کارایە، شیکردنەوەیەک پێشکەش بکەم.

ئەوەی سەروکاری لەگەڵ زمانی کوردیدا هەبێ و لەو مەیدانەدا ئەزموونی هەبێ زۆر خێرا دەرک بە بێئەزموونی زۆرێک لە ڕاگەیاندنکارانی ئەمڕۆی کوردستان دەکات، بە نووسراو و بینراو و بیستراویەوە. کەموکوڕی جگە لە ڕووی هونەری پیشەیی ڕۆژنامەگەرییەوە کە ئەفسووس لە لای ئێمە دەگمەنە، لە ڕووی زمان و بەکاربردنەکانی زمانیشەوە مەیدانی ڕاگەیاندنی کوردی خەڵتانی هەڵە و پەڵەی گەورەیە. بەڵام ئەوەی من لەم باسەدا دەمەوێ تیشکی بخەمە سەر، ئەو کەموکوڕییانە نییە، ئەگەرچی ئەمانەش جێگەی لێوردبوونەوەن و دەبوو دەمێک پێش ئێستا دامودەزگا کلتوورییەکان و پسپۆرانی زمان لێی وەدەنگ هاتبان، بەڵکە دەمەوێ باس لەو زمانە بکەم کە لە ئێستادا و لە سەر ڕووپەڕی هەندێ ڕۆژنامەی کاغەز و ئەلەکترۆونی، لە هەندێ ڕادیۆ و هەندێ لەژوورە ئەلکترۆنییەکانی گفتوگۆ، بە نیازی ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی کوردی و سیاسەتمەدارانی کورد بەکار دەبرێن. لە بەرامبەریشیاندا وەڵامی کەسانی ڕەخنەلێگیراو لە سیاسەتمەداران و کارگوزارانی پایەدارەوە، چ بە نووسین و چ

بە گوتن، کە بە هەمان توون و واژەن و وێرای پەیڕەونەکردنی هونەر و ئەدەبی ئاخاوتن کە ئاستێکی زۆر نزمی داوەتە زمانەکە، توندوتیژییەکی لەڕادەبەدەری تێدایە، کە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر هەست و نەستی نەک تەنها ڕەخنەگرەکە و ڕەخنەلێگیراوەکە، بەڵکە خوێنەر و بینەر و گوێگرەکەشەوە، هەیە. من لێرەدا لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە دوو جۆریان هەڵدەسەنگێنم، زمانی گورگ و زمانی بازاڕ.

(زمانی بازاڕ)، دەستەواژەیەکی گەلەری فرەبەکاربراوە و کەس نییە نەیبیستبێت. ئەم میتافۆرە بەو جۆرە دەربڕینە دەگوترێت کە نە ئەدەب و نەهونەری ئاخاوتنی تێدا بەکاردەبرێ و، ڕێسا و ڕێز و ڕێزمان لە لایەن دەربڕەکەی ئیدی نووسەر بێت یان قسەکەر، بایەخێکی ئەوتۆی نییە و بەهەند وەرناگیرێت. بەرامبەر بە زمانی بازاڕ زمانێکی دیکەش هەیە کە زمانێکی بالایە و پڕە لە ڕێز و ڕێسای ئاخاوتن و ڕێزمان، ئەم زمانەش زمانێکی ئەدەبی پاراوە.

(زمانی گورگ) یش میتافۆرێکە لە دەروونناسیدا بۆ ئەو جۆرە ئاخاوتنە هێرشئامێزانە بەکار دەبرێت کە مەبەستی دەربڕەکەی تێگەیشتن و گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو نییە، بەڵکە شکاندنەوە، سەرکوتکردن و بەزاندنی بەرامبەرە، بێ ئەوەی بوار و مافی بەرگری لەخۆکردنی بداتێ. بەرامبەر بەمەش لە دەروونناسیدا میتافۆری (زمانی زەڕافە) بەکار دەبرێت، کە هێمایە بۆ زمانێکی نەرم و نیان، دوولایەن و ئاشتیخوازانە، کە دەربڕەکەی لە کاتی ڕەخنەگرتن مەبەستێتی بە ئامانجی لێکتێگەیشتن و چارەسەری کێشەکان بگات.

ئەوەی تەنها چاوێک بە زۆربەی ئەو وتارانەدا کە بەناوی ڕەخنەی سیاسی لە ڕاگەیاندنی کوردیدا بلاو دەبنەوە، بخشێنی، لای ئاشکرا دەبێت بە ئاوێتەیەک لە ((زمانی گورگ و زمانی بازاڕ)) نووسران و دەردەبڕدرێن. خاوەنەکانیان خۆیان بە ڕەخنەگری سیاسی و چاودێری سیاسییەوە ناوزەد دەکەن و بانگەشەی ئەوە دەکەن لە ڕەخنەلێگیراون دڵسۆزترن بۆ ئەزموونی سیاسی و سیاسەتی کوردی. بەرامبەر بەمانیش سیاسەتمەدار و پایەداران یان خۆیان یان کەسانی ڕاسپێردراویان بە هەمان ئاوێتەی زمانی گورگ و زمانی بازاڕ وەڵام دەدەنەوە و ڕەخنەگران بە نادڵسۆز و دژ بە ئەزموونی سیاسەتی کوردی ناوزەد دەکەن. دەبینین ئەم زمانە بەردەوام خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە و توندوتیژی بەرهەم دەهێنێت، جگە لەوە هیچ چارەسەرێکی نەهێناوەتە بەرهەم و پرۆژەیەکی جیاواز لەوەی کە هەیە نەخراوەتە ڕوو تا تاقیبکرێتەوە و تەماشای ئەنجامی ئەوەش بکەین. ئەو توندوتیژییەی کە لە ڕاگەیاندنی کوردیدا و بە تایبەت لە بواری ڕەخنەی سیاسیدا کارایە دۆخێکی ناتەندروستە و هەڵوێستەلەسەرکردنی پێویستە.

ئەم شێوازانەی بەکاربردنی زمان، زمانی بازاڕ و زمانی گورگ، دووجۆرن لە ئامرازگەلێ کە لە دەروونناسیدا پێیان دەگوترێت (میکانیزمەکانی بەرگری دەروونی). ئەم میکانیزمانە لەو دۆخانەدا بەکار دەبرێن کە مرۆ هەست بە هەبوونی هەڕەشەیەک لە سەر ناسنامەی خۆی دەکات، یان بەهەر هۆکارێکی تری دەروونییەوە وەک قەڵغانێک بۆ بەرگریکردن بەکاری دەبات. ئەم قەڵغانەش وەنەبێ بەربەستێکی ڕاستەقینەبێت بۆ دژواری و هەڕەشەکان، بەڵکە قەڵغانێکی وەهمییە و لە کاتی زۆر بەکارهێناندا بەکاربەرەکەی زیانی ڕاستەقینەی پێدەگات، لە هەمان کاتدا ئەو کەسەی کە قەڵغانەکەی لە دژ بەکار براوە هەمان زیانی پێدەگات. مەبەستمە بڵێم ئەو زمانە توندوتیژەی کە لە ڕاگەیاندنی کوردیدا بەکار دەبرێت زیانێکی تاکەکەسی نییە کە ڕەخنەگر پێی وابێت بە ڕەخنەلێگیراوی دەگەیەنێت، بەڵکە خودی ڕەخنەگرەکە لە ڕووی دەروونییەوە زیانی ڕاستەقینەی پێ دەگات، جگە لە زیانە گشتییەکەی کە بە خوێنەر یان بیسەر و بینەر دەگات و لای ئەویش جۆرێک لە توندوتیژی ناڕەستەوخۆ بەرهەم دەهێنێت، کە ڕەنگە لە دۆخی تردا ئەویش بەکاری بباتەوە و هەمان بازنەی بەدگۆیی دروست ببێتەوە.

لە بابەتی ڕەخنەی سیاسی و ڕاگەیاندندا دوو لایەن هەیە، لایەنێک سیاسەتمەدار و کاربەدەستانی حیزب و حکومەتە، لایەنەکەی دیکەی ڕۆژنامەنووس و نووسەر و ڕۆشنبیر کە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە دەنووسن یان

دەپەیڤن. ئەگەر لە شێوەی ئاخاوتنی ئەم دوو لایەنە لەسەر یەکتری ڕابمێنین، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەم دوو لایەنە بە یەکتری نامۆن و ئەگەرچی هەردوولا بە کوردی دەپەیڤن بەڵام لە یەکتری تێناگەن و ئامرازێکی پەیوەندی کارا لە نێوانیاندا نییە و سڵ لە یەکتری دەکەنەوە. ئەم تێنەگەیشتنە (لە هەردوو لاوە) بڕێکی بە مەبەستەوەیە و بڕێکیشی لەبەر نەزانییەوە و بە بێ مەبەستە، بەشێکیشی هۆکاری دەروونی تاکەکەسەکانە و لەگەڵ شەپۆلەکەدا بۆ خۆخاڵیکردنەوە بەو زمانە ڕەخنە لە کەسێک دەگرن، وەک میکانیزمێکی بەرگری لە دەروونی خۆیان بەکاری دەبەن.

ڕاستە بەشێکی ئەو ڕەخنانەی کە دەگیرێن لەسەر گەندەڵیین، بەڵام بەشێکی زۆر زیاتری لەبەر ململانێی حیزبییە و لە میانەی ڕەخنە لە تاکەکەسێک دەخرێتە قاڵبی ڕەخنەی سیاسییەوە. ئێمە دەبینین چۆن هەر جارە و کەسێک دەکرێتە ئامانج و گەلەکۆمە دەست پێدەکات لە دژی و، هەر ئەو ماوەیە وەک مۆدێل هەمان ئەو کەسانە بە ناوی خۆیان یان خوازراوەوە بە ئاوێتەیەک لە و دوو زمانە بەر دەبنە ئەو کەسە و، لەپاڵ ئەو کەسەشەوە لایەنێک و کەسانێکی دی تێوە دەگلێنن و ئەوانیش دادەپلۆسرێن. ئایا ئەم دۆخانە ئاساییین؟ ئاخۆ ڕەخنەی وا ڕەخنەیەکی تەندروستە و بۆ مەبەستی چاکسازی و ڕیفۆرمە؟

ئەو بەشەی کە ململانێی حیزبییە و شەڕی ساردی ڕاگەیاندنی نێوان حیزبەکانە، هەقی ئەوەیە لە سەرکردایەتی حیزبەکانەوە چارەسەر بکرێن. کێبەرکێی سیاسی نێوان حیزبەکان لە هەموو دنیادا و لە کوردستانیشدا ڕەوایە، وەلێ بەم شێوەیەی کە لە ڕاگەیاندنی کوردیدا دەیبینین دۆخێکی ناتەندروستە. گرنگە حیزبەکان خۆیان و بە تایبەتیش سەرۆکی حیزبەکان خۆیان ڕاستەوخۆ و بە فەرمانی سیاسی ئەو زمانە لە ڕەخنەی سیاسی و ململانێی سیاسی نارەوای نێوانیان قەدەغە بکەن و تەنها شێوازە ڕەواکانی کێبەرکێی سیاسی هان بدەن. هەندێ لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆی کوردستان کە بەناو ئازادن، بەڵام بە ناڕاستەوخۆ پەیوەستن بە حیزبەکان، یان بە کەسە سیاسییەکانەوە، ئەمانەبەرهەمهێنەری بەشێکی بەرچاوی ئەو زمانە ناشایستەیەن کە ڕاگەیاندنی کوردی بەکاری دەبات و لە ئەنجامیدا توندوتیژی بڵاو دەکاتەوە.

ئەو بەشەش لە ڕەخنەی سیاسی کە پەیوەستە بە هەندێ لەڕۆشنبیرانەوە لە حیزبەکان و حکومەت و سیاسەتی کوردی، پێویستە دیباتێکی ڕۆشنبیرانەی لەسەر دروست بکرێت و بزانین بۆ دەبێ پەنا بۆ زمانێکی لەم جۆرە ببرێت لە کاتێکدا ئەڵتەرناتیڤی کاریگەرتر لە ئارادا بێت. ڕەخنەی سیاسی زۆر گرنگە، نەک هەر پێویستە، بەڵکە بێ بوونی ڕەخنەی سیاسی پرۆسەی دیموکراسی ڕادەوەستێ و ئاقاری سیاسەت بەرەو تاکڕەوی و دیکتاتۆریەت دەچێت. بەڵام ڕەخنەی سیاسی پێویستە ئامانج لێی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و هاوسەنگکردنی ناهەوسەنگییەکان بێت. ئەمانە ئامانجی بەرزی ڕەخنەی سیاسین، ئامانجی بەرزیش تەنها بە زمانێکی بەرز دەتوانرێت گوزارەی لێ بکرێت، تا ئەنجامی هەبێت.

گومان لەوەدا نییە حیزبەکانی کوردستان، حکومەت، زۆربەی دامودەزگاکان و تەنانەت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش کەموکوڕییان تێدایە و پێوەری هەڵە و ناهاوچەرخ بەکار دەبرێن و پێویستە ڕەخنەیان لێ بگیرێت، بەڵام ئاخۆ ئێمە ڕەخنە لە پێناوی چاککردنەوەدا دەگرین، یان دەمانەوێت ئەوەی هەیە تەفروتوونای کەین؟ ئاخۆ ئێمە دەمانەوێت حیزبەکان و حکومەت چاکتر بکەینەوە و بەرەو پێشەوەیان ببەین یان دەمانەوێت بیانڕوخێنین؟ بۆچی بەهۆی لۆژیکی ڕەخنەکانمان نەبینە فاکتەری بەهێزکردنەوەی خاڵە بێهێزەکان، چاککردنەوەی بەشە داڕماوەکان و، و جوانکردنەوەی بەشە ناشیرینەکانی نێو ئەو حیزبانەی کوردستان و حکومەتی کوردستان.

ئەگەر ڕەخنەی سیاسی نەبێت، ئەو مەیلەی کە لە سروشتی (هەندێ) لە سیاسەتمەداراندا هەیە بۆ هەژموون و دەستبەسەرداگرتن لە ماوەیەکی کەمدا پەرەدەستێنێ و لە دەست دەردەچێت. بەڵام ڕەخنەگری سیاسی ئەو ئەرکە

ویژدانییەی وەئەستۆی خۆی گرتووە کە سنوور بۆ ئەو مەیلە دابنێت و پێی بڵێت: (ستۆپ). لە دوای شەڕی جیهانی دووەمەوە، ڕووناکبیران و پسپۆرانی وڵاتانی خۆرئاوا کەوتنە بیرکردنەوە لە گۆڕانکاری و چاکسازی و مەبەستیان بوو کلتوورێکی سیاسی وا بێتە ئاراوە کە چیدیکە ڕێگە بە دروستبوونی دیکتاتۆر نەدا و، سیستەمێکی پەروەردەیی وا بهێننە بەرهەم کە ڕێگە بە دروستبوونی بیری شۆڤینی و فاشی و نازی نەدات. کەواتە بە بیرکردنەوە و ڕامانی پۆزەتیڤ دەکرێ ئێمەش لە پاش تەواوبوونی شەڕەکان و ڕووخانی دیکتاتۆرێکی وەک سەددام، بیر لە بنیاتنانی کلتوورێکی سیاسی وا بکەینەوە کە زەمینە بۆ گەشەسەندنی دیموکراتی خۆش بکات و ڕێگە لە تاکڕەوی و ڕەهاگەری بگرێت. ئەم کلتوورەش بە هزر و زمان بناغەکەی دادەنرێت و تیۆرییەکەی دادەڕێژرێت.

ڕووناکبیر کە خاوەنی وشەیە و وشەی نایابیش دەسەڵاتێکی سەرسامکەر و سامناکی هەیە، ئیدی ڕەخنەگری ڕووناکبیر پێویستی بەوە نییە وشەی هەرزەگۆیانە و ناشیرین بۆ دەربڕینی ئەو خواستە بەکار ببات. ((بەڵگە)) خۆی زمانێکی کاریگەرەە و کە بەڵگەیەک لەسەر گەندەڵی کەسێک یان لایەنێک هەبێت، بەڵگەکە دانێ و با خۆی بدوێ و مافی هەڵسەنگاندن بدەرە خوێنەر خۆی و، با ژیری خۆی ڕێنومای بێت بۆ نرخاندنی ئەو سیاسەتمەدار یان ئەم وەزیر و یان ئەو بەرپرسی حیزبی یان حکومی. خۆ ئەگەر بەڵگەی (بەردەست) نەبێت و تەنها بەڵگەی (بەرهەست) هەبێت، دیسانەوە دەکرێ بە هێزی لۆژیکی وشەکان ئامانج بپێکیت، نەک بە توندوتیژی وشەکان.
مرۆڤ نابێت بترسێت لە دەربڕینی ڕەخنەکانی و پێویستە ئازا بێت و ئازادی ئەوەی هەبێت، وەلێ ئازایەتی لە لۆژیکی دەربڕینی جوان و دەستنیشانکردنی هەڵە و پەڵەکانە لە کات و شوێنی خۆیان، نەک لە پەلامار و دەربڕینی هەرزەگۆیانە لە ڕووی ئەم و ئەودا. ڕیچارد کارلسۆن دەڵێ: ((پێش ئەوەی قسە بکەیت چاکتر وایە پرسیار لە خۆت بکەیت ئامانج لەم قسەیەدا چییە؟ یان ئایا بەیانکردنی ئەم زانیارییانە خزمەتمان دەکات یان ورەمان دەهێنێتە خوارەوە، ئایا ئێمە لە یەکتر نزیکتر و گەرموگوڕتر دەکاتەوە یان تەنها وەبیرهێنانەوەی سەختی ژیانە و هیچی تر.)) ئێمە کە ڕەخنە دەگرین ئەگەر بۆ ئەوەمان بێت دۆخێک بۆ باشتر بگۆڕین، پێویستە دڵنیابین کە دەتوانین بیگۆڕین و ئەو گۆڕانەش ڕوودەدات، بەڵام ئەگەر ڕەخنەکانمان بێ ئامانج بن، بێ ئەنجامیش دەبین.

هاوسەنگبینی یەکێکە لەو لۆژیکانەی کە دەتوانێ کاریگەری بەرچاو دابنێت و هەنگاوی چارەسەرئامێز پێشکەش بکات. هاوسەنگبینی بەو مانایەیە کە دیووی جوان و هی ناشیرینیش لە دیاردەکاندا ببینرێت. کوردستان وێڕای کەموکوڕییەکانی کە نابێ چاویان لێ بپۆشین گۆڕانیشی بەخۆیەوە دیوە و، بڕێک خاڵی باشیش هەیە ئاماژەیان پێبکرێت. بەرناد شۆ ڕاستی گووتووە: ((بە زۆری ئێمە پەرداخ بە نیووەیی دەبینین و، هەموو سەرنجێکمان لای نیوە بەتاڵەکەیەتی و لە نیوەپڕەکەشی بێئاگاین و چێژی لێ نابینین.)).
خۆ ئێمە دەتوانین بە زمانێکی پاراو و پاک و کاریگەر ڕەخنەی سیاسی لە نیوەبەتاڵەکەی پەردەخەکەمان بگرین و، بە ئارەزوو و هیواوە لە نیوە پڕەکەی بڕوانین و بینۆشین و چێژی لێ ببەین. ئاخۆ ڕوانینێکی لەم جۆرە هاوسەنگییەک نییە بۆ دەروونمان کە پێویستمان بەو هاوسەنگییە هەیە تا خۆ لە ئاکار و گوتاری توندوتیژانە بپارێزین. دیل کارنگی دەڵێ: ((کەسی ڕووناکبین کە لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوە دەکات هەڵهاتنی خۆر دەبینێ، بەڵام ڕەشبین تەنها پیسی شووشەی پەنجەرەکە دەبینێ.)). ئەوەی سەرنجی ڕەخنەی سیاسی ڕاگەیاندنی کوردی بدا، هەست بەو وزەیە دەکات کە لە ڕەشبینییەکی ڕەهاوە سەرچاوەی گرتووە و شەپۆل دەدات. ئەو ڕەشبینی و ڕەهابینییە هەڵکردنی ئاڵای تەسلیمبوونە بە گەندەڵی و هەڵە و پەڵەکان، پیشاندانی بێدەسەڵاتییە. ڕەخنەگرانی سیاسی بە ئاخاوتنیان بەم زمانە جگە لەوەی هیچ چارەسەرێک پێشکەش ناکەن، مانیفێستی بێدەسەڵاتی و بێبەرنامەیی خۆیان دەکەن، لەکاتێکدا کە کوردستان پێویستی بە بەرنامە و پێشکەشکردنی بەرنامەی ئەڵتەرناتیڤەو، حیزبەکانی کوردستان پێویستیان بە هاوکاری و یارمەتیشە نەک تەنها لۆمە و سەرزەنیشت.

مرۆ کە بە وشەی ڕوشێنەر ئازاری ئەویدی بدات، چی لێ بەدەست دێنێت؟ بۆچی خۆمان بەو جۆرە ئاسوودە نەکەین کە لێگەڕێین هەرکەس وەک خۆی بیر بکاتەوە و مەبەستمان هێنانی نەبێت بۆ سەر بیر یان باوەڕ یان دینی خۆمان، بەڵکە مەبەستمان بێت دێباتێکی سیاسی سوودمەندانەی لەگەڵدا بخولقێنین تا هەمووان لە ئەزموونە جیاوازەکانی یەکترەوە فێر بین. ماکس مۆلەر دەڵێ: ((کەسێ تەنها یەک دین بناسێ، دیندار نییە.)) ئێمەش ئەگەر مەبەستمان هێنانی هەموو کەسێک بێت بۆ سەر باوەڕی خۆمان، مانای ئەوەیە باوەڕێکی جێگیرمان نییە و بیرکردنەوەمان تێکەڵ و پێکەڵە. ڕووناکبیر نە دەبێ لە مافی خۆی خۆش بێت، نە لە هی ئەوانەشی کە بەرگرییان لێ دەکات، وەلێ مەرجە بە بڵندترین شێوەی دەربڕین و بە زمانی ئەدەب ئەم مافانە داوا بکرێن. زمانی داخوازی مەرجە زمانێکی ئەدەبی و ڕەوان و لۆژیکی بێت، مەرجە زمانی هیوا و گەشبینی بێت.

ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشاوە، دەبینم ئێمە هەمیشە وێنای ئایندەی خەراپ بۆ خۆمان دەکەین، تەنانەت بە ڕووناکبیر و تێکۆشەر و سیاسەتمەدارەکانیشەوە ناتوانین بە هیوا و گەشبینییەوە لە ئایندە بڕوانین. تەنانەت هەندێ لە سەرکردەکانمان کە بۆمان دەپەیڤین دەڵێن: کێ باوەڕی دەکرد ئێمە بەم ڕۆژە بگەین و کورد ببێتە خاوەنی ئەم هەموو دەستکەوتانە کە ئەمڕۆ پێی گەیشتووین. ئەمە لە کاتێکدا پێویستە سەرکردەکانمان هەر لە یەکەم ڕۆژی دەستکردن بە خەبات ئەم ڕۆژەیان بە ڕوونی لەبەرچاو بووایە، چونکە خەبات بێ هیوا جەستەیەکی بێگیانە و بیرکردنەوە لە سەرکەوتن، سەرکەوتن دەهێنێت. پێویستە هەمیشە ئەندێشەی پۆزەتیڤمان هەبێت بۆ ئایندەی سیاسی وڵاتی خۆمان. ئیمرسۆن دەڵێ: (مرۆڤی گەورە ئەوانەن کە پێیان وایە ئەندێشەکان حوکمڕانی دنیا دەکەن.)
ئێمە ئەگەر هەموومان وا بیر بکەینەوە کە ئایندەمان ڕووناک دەبێت، ئەوە ئایندەمان ڕووناک دەبێت، ئەگەر بە پێچەوانەشەوە پێمان وابێت ئەم ئەزموونەمان دەڕوخێ و لەدەست دەچێت، ئەوە دەڕوخێ و لە دەستمان دەچێت. ئەگەر هەموومان وا بیر بکەینەوە کە ڕیفۆرم نابێت و ناکرێت، ئەوە نابێت و ناکرێت، ئەگەریش وا بیر بکەینەوە کە ڕیفۆرم دەبێت و دەکرێت، ئەوە دەبێت و دەکرێت. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە هەموو شتێک کە لەم گەردوونەدا هەیە وزەیە، بیرکردنەوەش هەر وزەیە. ئەگەر پۆزەتیڤ بیر بکەیتەوە ئەوە وزەی پۆزەتیڤ لە تۆدا دروست دەبێت و بە ئاراستەی پۆزەتیڤدا ڕەوڕەوەکە دەئاژووی و ئاکامیش ئەوەی کە بیرت لێکردۆتەوە دەیکەیت بە ئامانجی خۆت و بە ئەنجامی دەگەیەنیت. لەبەر ئەم یاسا نەگۆڕەی سروشت (یاسای وزەی گەردوونی) دەگەینە ئەو باوەڕەی کە، ئەگەر وا بیر بکەینەوە حیزبەکانی کوردستان دەکرێت ڕیفۆرمیان تێدا بکرێت و گەشەیان پێ بدرێت و نوێ بکرێنەوە، ئەوە وزەی فیکری و فیزیکی خۆشمان بەو مەبەستە ئاراستە دەکەین و ئامانجمان دەبێتە چاکسازی و یارمەتیدانیان لە وتار و کردارەکانیشماندا، بەڵام ئەگەر وا بیر بکەینەوە کە ئیدی ئەوان کەڵکیان نەماوە و چارە نییە و دەبێ لاببرێن و بڕوخێن، ئەوە وزەی فیکری و فیزیکی خۆمان بۆ ئەو مەبەستە کارا دەکەین و بەرەنگاربوونەوە لە هەموو لایەکەوە سەرهەڵدەدات و ئاکامەکەشی شێواندن و خراپترکردنە و لە پای ئەمەش شەڕ، توندوتیژی و ئاژاوە دێتەئاراوە و کەس سودمەند نابێت لە توندوتیژی و شەڕ، بێجگە لە چەند بازرگانێکی شەڕ. ڕابردووشمان گەواهی شەڕی ناوخۆیە، کە دەبینین چی ناسۆرێکی قووڵی دەروونی لە پاش خۆی بەجێهێشتووە و هەموومان پێی دەتلێینەوە.

بۆ قۆناغی ئێستای کوردستان، ئێمە پێویستمان بە چڕکردنەوەی بیری خۆمانە لەسەر (دامەزراندنی ئەوەی کە هێشتا دانەمەزراوە)، (چاککردنی ئەوەی کە کە دامەزراوە و بونیادەکەی هەڵەیە) و (نوێکردنەوەی ئەوەی کە کۆنە و بۆ ئەمڕۆ ناشێ). ئەمانەش تەنها بە بیرکردنەوەی پۆزەتیڤ و وزەبەخش دەکرێت، چونکە هەموو ئەمانە بە دانانی بەرنامە و سیستەم بەڕێوە دەچێت و پێویستە ئامانجەکانمان دەستنیشان بکەین بۆ گەیشتن پێیان. ڤایلر دەڵێ: (کاتێ ئامانجی خۆتت دەستنیشان کرد و هەوڵت دا پێی بگەیت، تەواوی ژیانت لە خەمی ئەوەدا دەبیت و بیر دەکەیتەوە لەوەی بەو ئامانجە بگەیت. کاتێ هەروا و بە بێ ئامانج زەرەبینێک بەسەر کاغەزێکدا دەگێڕیت، هیچ شوێنێک لە کاغەزەکە ناسوتێنێت، بەڵام کاتێک ئەو زەرەبینە لە یەک خاڵدا جێگیر دەکەیت، بێگومان ئەو خاڵە دەسوتێنێت. کەواتە کاتێک بە تەواوی تەرکیز و تواناو هێزەوە بۆ ئامانجێکی دیاریکراو کە هەڵیدەبژێریت کار

دەکەیت، تیایدا سەردەکەویت). ئەمە نەک تەنها نووسەر یان تەنها هزرمەندێک سەدان نووسەر و دەروونناس و فەیلەسوف جەختی لەسەر دەکەنەوە و، یاسای وزەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە (ئەگەر هەموو فیکر و تەرکیزی ئێمەش لەسەر ئەو ئامانجانە بێت کە بۆ دامەزراندن و بنیاتنانەوە، چاکسازی و نوێکردنەوەی کۆمەڵگە و حیزبەکان و حکومەتی کوردستان بێت، ئەنجامی دەبێت و سەردەکەوین.)

***

2006/11/1

کوردستان